# شۆڕشی پیشەسازی

لە ساڵانی ١٧٠٠-ەکاندا زۆر لەوانەی لە ئەوروپا کاری دەستییان دەکرد بە دەزگای سادەی رستن کاری چنینیان دەکرد. دواتر مەکینەی پێشکەوتووتر دروستکران کە بەرهەمهێنانی خێراتر کرد. ئەمە سەرەتای شۆڕشی پیشەسازی بوو، وە لە وڵاتی بەریتانیا سەریهەڵدا.



*ill: Wikimedia (public domain)*

## بۆچی شۆڕشی پیشەسازی لە وڵاتی بەریتانیای مەزن ڕوویدا؟

سەرەڕای ئەوەی کە بەریتانیا ژمارەیەکی کەمتر دانیشتووانی هەبوو لەچاو وڵاتانی دیکەی ئەورووپیدا، بەڵام گەلێک هۆکار هەن کە وایان کرد شۆڕشی پیشەسازی لەوێ سەرهەڵبدات.
شۆڕشی کشتوکاڵی، دەسەڵاتی دەریایی، خەڵووز (ڕەژوو) و سیاسەت و ئازادی ڕۆشنبیری لە هۆکارە هەرە گرنگەکان بوون.

لە بەریتانیای مەزن جووتیارگەلێکی زۆری لێبوو. خاوەن زەوییە دەوڵەمەندەکان زەویوزارێکی زۆریان هەبوو، بەڵام جووتیارە بچووکەکان تەنها پارچەیەکی بچووک زەوییان هەبوو. شۆڕشی کشتوکاڵی بووە هۆی ئەوەی کە خاوەن زەوییە دەوڵەمەندەکان ببنە خاوەنی پارچە زەوی زیاتر و زیاتر، وە جووتیارەکانیش کۆچ بکەن بۆ شارەکان. ئەمەش وایکرد کە جووتیارەکان داهاتێکی زیاتریان بێتەدەست

و پارەیەکی زیاتر بۆ کڕینی کەلوپەل سەرف بکەن. ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕێژەیەکی زۆر لە سەرمایە.

لە سەرەتای ساڵانی ١٨٠٠-ەکاندا بەریتانییەکان بەهێزترین میللەتی دەریاوانی جیهان بوون. زاڵبوونی بەریتانییەکان بەسەر دەریادا ببووە هۆی دابینکردنی بازرگانی و کۆلۆنییەکان. بازرگانیکردنی بەریتانی توانیبووی سەرمایەی پێویست بۆ پیشەسازییە زەبەلاحەکەی پەیدابکات.

پێداویستی بەریتانیا بۆ داری سووتاندن و کەمی ئەو سەرچاوەیە وایکرد کە وڵاتەکە بەدوای سەچاوەی گەرمکردنەوەی نوێدا بگەڕێت. بە سانایی لەژێر بەشی سەرەوەی زەویدا دەتوانرا بەردی خەڵووزین بدۆزرێتەوە. ئیتر وردەوردە لەگەڵ زیادبوونی داواکاری لەسەری، دەستکرا بە قووڵکردن و هەڵکەندنی زیاتر و زیاتر و ڕۆچوون بە زەویدا.

هەبوونی ئازادی ڕادەربڕین کە بەریتانییەکان هەر لە ساڵی ١٦٨٨ لە "شۆڕشی گلۆریۆس"ەوە بەدەستیان هێنابوو، بووە هۆی ئەوەی کە پێشکەوتنی هزری و زانستی گرنگیان دەستبکەوێت. هاوکات بەریتانیا بە ڕادەیەکی بەرز وڵاتێکی جێگیر بوو کە لەڕێی پەرلەمانەوە لەلایەن خۆبەڕێوەبەری خەڵکەوە بەڕێوەدەبرا. هەمو ئەمانە بوونە هۆکار و بناغەیەک بۆ داهێنان، تەکنەلۆجیا و بەپیشەسازیکردن.

ئیتر وردەروردە مەکینەکان لە کارگەکاندا کۆبوونەوە، و شارە گەورەکان گەشەیان دەکرد. بەو جۆرە، کۆمەڵگە کشتوکاڵی و جوتیارییەکە ناچاربوو جێگە بۆ کۆمەڵگەیەکی نوێی پیشەسازی چۆڵ بکات. خەڵکی گەلێک کەلوپەلی نوێیان دەستکەوت و خۆشگوزەرانی بۆ گەلێک کەس فەراهەم کرا.

مانچستەر یەکەمین شاری گەورەی پیشەسازی بوو. شۆڕشی پیشەسازی لە پیشەسازی ڕستن و چنینەوە دەستی پێکرد. ژمارەی دانیشتووانی بەریتانیا ڕووی لە زیادبوون بوو و زۆرینەی خەڵکی پێویستیان بە جلوبەرگی هەرزان بوو. کەرەستەی خاوی خوریان لە کۆلۆنییەکانەوە هاوردە دەکرد. ئامرازەکانی ڕستن و چنین زۆر سادە بوون و کاریگەرییەکی کەمیان هەبوو لەبەرئەوە داهێنەرە بەریتانییەکان مەکینەی ڕستن و چنینی نوێیان دروستکرد کە لە تواناییاندا بوو ڕێژەی بەرهەمهێنان زیادبکەن. بەو هۆیەوە پیاوانێکی زۆریش ڕوویان کردە کاری رستن و چنین کە پێشتر تەنها ئافرەتان ئەو کارەیان دەکرد.

## بەرهەمهێنانی ئاسن و خەڵووز


مەکینە نوێیەکان لە ئاسن و کانزاکان دروستکرابوون، و کۆمەڵگە پێویستییەکی زۆریان پێبوو. ئیتر ئێستاتاکە شێوازی نوێ دۆزرانەوە بۆ تواندنەوەی ئاسن و کانزا. بۆ ئەمەش دۆزینەوە و بەکارهێنانی خەڵووزی بەردین بە شێوازێکی تایبەت کە لەلایەن "ئەبرەهام داربی"یەوە دۆزرایەوە، بووە هۆی ئەوەی ساناتر و خێراتر ئاسن و کانزا بتوێندرێتەوە

خەڵووزی بەردین لە چاڵە کانەکانەوە دەهێندران کە تا دەهات قووڵ و قووڵتر دەبوون. ئەو ئاوەی کە لە چاڵ و هەڵکەندنی کانەکانەوە دەهاتەدەر بەهۆی جۆرە پەمپێکەوە کە بە مەکینەی هەڵمی کاری دەکرد

لادەبران. کارکردن لەو چاڵانەدا کارێکی هەم سەخت و هەم مەترسناکیش بوو، بەڵام پاش ماوەیەک مەکینەی نوێ هات کە کارئاسانی بۆ ئەوەش کرد.

## مەکینەی هەڵمی

مەکینەی هەڵمی ئەو داهێنانە بوو کە شۆڕشی پیشەسازی بەرەو پێش برد. تۆماس نیوکۆمێن (Thomas Newcomen ) لە ساڵی ١٧١٢-دا یەکەمین مەکینەی هەڵمینی دروستکرد، کە دەیتوانی ئاو لە کانە خەڵووزەکانەوە بەرەوە سەرەوە دەرکات. لەگەڵ ئەوەشداهەنگاوە مەزنەکە لە ساڵی ١٧٧٦-دا نرا کاتێک جەیمس وات (James Watt) مەکینەیەکی هەڵمی نوێی لە کانێکی خەڵووزدا لە بێرمینگهام بەکارهێنا. مەکینەکەی ئەو لە کۆنەکە بەهێزتر و باشتر بوو. ئەمیان دەتوانرا لە بواری ڕستن و چنین، ئاشەوانی، کارگەی ئاسن، کەشتییەوانی و شەمەندەفەر و هێڵی ئاسندا بەکاربهێنرێت. قۆناغێکی نوێ لە شۆڕشی پیشەسازی هاتە ئاراوە.




*ill: Store norske lekiskon (public domain)*

لە ساڵی ١٨٥١-دا پێشانگەیەکی جیهانی لە لەندەن ڕێکخرا. لەو پێشانگەیەدا دەبوو میللەتانی جیهان کەلوپەل و سەنعەتەکانی خۆیانی تیدا نمایش بکەن. زیاد لە نیوەی شمەکەکان هی بەریتانیای مەزن بوون. بەریتانیا دەریخست کە "کارگە و کارخانەی جیهانن".

## سیستمی گواستەنەوە بونیاد دەنرێت

کارخانە نوێیەکان پێوسیتیان بە سیستمێکی گواستنەوەی باشتر بوو. کەلوپەل و شمەکێکیان بەرهەم دەهێنا کە دەبوو بگاتە دەستی خەڵکی لێرە و لەوێ و هاوکات خۆشیان پێویستیان بە کەرەستەی خاو هەبوو. لە باشوور و ناوەڕاستی ئینگلاندا کەناڵی زۆر دروستکران. ئەندازیارێکی سکۆتلاندی بە ناوی جۆن ماکدام ( John McAdam) شێوازێکی باشتری دۆزییەوە بۆ بیناکردنی ڕێگەوبان. بەجۆرێک دروستی کردن کە باران و ئاو خراپیان نەکات. گواستەنەوە لە وڵاتدا ئاسانتر کرا. ئەسپ عەرەبانەی گەورەیان ڕادەکێشا کە پڕ بوون لە پۆست و لە خەڵک، میوانخانە و وێستگەی هاتوچۆ بونیادنران.

لە کانەکاندا ئەسپەکان عەرەبانەی خەڵووزیان ڕادەکێشا کە لەسەر سکەی ئاسن دەڕۆیشتن. ئێستا مەکینە هەڵمییەکەی وات لە یەکێک عەرەبەکانی شەمەندەفەردا بەسترا. هەموو شتێک ساناتر و کاریگەرانەتر بوو.

لە ساڵی ١٨١٤ جۆرج ستێفنسون (George Stephenson) یەکەمین شەمەندەفەری هەڵمی دروستکرد. پێنج ساڵ پاش ئەوە یەکەمین هێڵی ئاسنینی دروستکرد. هێڵەکە لە باکووری ئینگلاند لە نێوان ستوکتۆن و دارلینگتون-دا ڕاکێشرا.

وردە وردە لە زۆر شار و ناوچەی دیکە هێڵی شەمەندەفەر بونیاتنرا و خەڵکی دەیانتوانی ئەو شمەکەکانیان پێبگات کە بە مەکینەکان دروست دەکران. دەشتوانرا لە ڕێگەی تەلگرافەوە داوای شمەکە و کەلوپەلەکان بکەن. خەڵکی لە جاران زیاتر کڕین و فرۆشتنیان دەکرد.



*Foto: Pixabay*

**Kilder:**

Kosmos 10, John Harald Nomedal og Ståle Bråthen

Portal